www.kurdistannet.org
04/04/2002 19:44

# ئەو دایکەی خۆشترین ساتی ژیانی رۆژی خۆتەقاندنەوەی کوڕەکەی بوو

عوسمان محەمەد
usman134@yahoo.com

کێ هەیە سەری لەم قسەیە سور نەمینێ؟ رۆژی ١٥ی مارس لە کەنالی ئاسمانی (ابوظبی) یەوە ژنیکی فەلەستینی بە ناوی (ام نضال) کە تازە کورەکەی لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا لە ئسرائیل خۆی تەقاندبووەوەو لەگەڵ خۆیدا چەندین کەسی دیکەی پارچە پارچە کردبوو کە رەنگە زۆربەیان وەکو (ام نضال) نەفرەت لە کوشتو کوشتاری شارۆنی جەلاد بکەن، ووتی: ئەو رۆژەی کورەکەم لە یەکیك لە شوینە گشتیەکانی ئیسرائیلدا خۆی تەقاندەوە خۆشترین رۆژی ژیانم بوو...!!

ئەمە ناکرێ قسەی دایکیك بیت بەرامبەر مەرگی جگەر گۆشەکەی، ئەمە دورو نزیك لە هەستو شعوری ئینسان ناچیت، ئەمە ئەوەندە نامۆیە بە شعوری ئینسان رەنگە لە گشت میژوودا دوو سێ نمونەی وا نەبیت. دایکیك خۆزگە بە مەرگی جگەرگۆشەکەی بخوازێ، نەك لە نیو ئینساندا بەلکو لە نیو جیهانی ئاژەلیشدا شتی وا جیگای سەرسورمانە. دایکی هیچ بالندەیەك، دایکی هیچ ئاژەلیك بە جۆرە درندەکانیشیانەوە تەحەمولی ئەوە ناکات ئازاری بیچوەکەی بدەیت. زۆر جار بینراوە ئەم دایکانە تا خۆ بەکوشتدان بەرگریان لە بیچوەکانیان کردوە. کەوایە پرسیار ئەوەیە چی وای لە (ام نضال) کردوە کە بە مەرگی جگەرگۆشەکەی خۆشحال بیت؟!

میژووی داگیرکردنی فەلەستینو درندەیی و رەگەزپەرستیی ئیسرائیلو بە تایبەتی شارۆنی جەلاد بە هاوپشتی ئەمریکاو غەرب و بەریخستنی گۆماوی خوین لە فەلەستین، جیگای نەفرەتی گەورەیە بەلام هیشتا ناتوانێ بەلگەی ئەمە بیت. جولاندنی ئیحساساتی قەومی لەلایەن رەوتە ناسیونالیستە عەرەبیەکانیشەوە وەکو کاردانەوەیەك دژی رەگەزپەرستیی ئسرائیل دیسان مەسەلەیەکی واقعیە بەلام هەر پاساوی ئەمە نادات.

ئەوەی (ام نضال) ی لە هەموو هەستو سۆزیکی ئینسانی شۆریوەتەوە، سوننەتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیە. خۆکوژیو خۆتەقاندنەوە نەریتی ئیسلامیە کە بە دانی بەلین بۆ دونیایەکی دیکەی پر لە تیروتەسەلی پر لە حۆریو کۆشك، خەلکی برسی دەباتە سەر ئەو باوەرەی خۆی بکات بە باروت بۆ تەقاندنەوەی خەلکی دیکە. ئەوەی ئەمرۆ لە (ام نضال) ی دەبیستین نەریتیکی کۆنی ئیسلامیە. لە سەرەتای دەسەلاتی حمهوری ئیسلامی ئێراندا بوو یەکێك لەسەرانی ئەم رژیمە کە سەرۆکی دادگا بوو دوو کوری خۆی بە تاوانی ئەوەی لەگەل ریکخراویکی دژی رژیم کار دەکەن مەحکوم بە ئیعدام کرد. ئەم نەریتە دژی ئینسانیە لە داستانی قابیلو هابیلەوە ئاو دەخواتەوە، ئەگەر ئەمانە تەشەنە بکەن سبەینێ برا بە شمشیر سکی برا هەلدەدرێ.

خەلکی عیراق پێی وابوو هیچ لە صدام درندەترو هیچ حزبیکش لە بەعس درندەتر نیە، چونکە ئەو نەریتەی داهینابوو کە باوك کوری خۆی تەسلیم بە پەتی سیدارە بکات لەسەر ئەوەی لەسەربازی هەلاتووە. رۆژیك لەسەر شاشەی تلفزیونەوە صدام دەستی باوکیکی گرتبوو خیرا خیرا دەیکیشا بەسەر شانیداو دەیوت ئەمە نمونەی باوکی دلسۆزی نیشتمانە چونکە لەسەر هەلاتن لەسەربازی کورەکەی خۆی کوشتووە.

بەلام نەریتی ئیسلامی هەر لەم ماوەیەدا لە واشنتۆنو نیویورکو فەلەستین سەدان نمونەی لەوە کارەساتبارتری پێ نیشانداین، ئەمانە بە بەلینی ئەوەی لەو دنیا هەموو شتیکیان بۆ ئامادەکراوە، هاندەدرین کە خۆیان بکەن بە باروتو تەنانەت لە تەقاندنەوەی مندالی ساواش سل نەکەنەوە. سەیروسەمەرەی ئەم پانۆرامایە لەوەدایە کە لەم سەر زەمینەدا هەر شتیك کە خیروخۆشی بۆ ئینسان تیابیت قەدەغەیەو خەلکی لەسەر کوشتو کوشتار دەکەن کەچی لە بەهەشتی ئیسلامدا هیچ شتیك قەدەغە نیە!

کورەکەی (ام نضال) بۆ ئەو بەهەشتە خۆی تەقاندەوە بەلام بلیی (ام نضال) یش بۆ بەشە بەهەشتی خۆی لە هەستو سۆزی ئینسانی شۆرابیتەوە؟!

©KurdistanNet